# ئەو دەمەی هەموو تەمەن دەبێتە دیمەنێك

## پێشكەشە بەدیمەن كە دەیەوێت پارچەكانم كۆكاتەوە

سدیق عەلی

sdiqail@gmail.com

تێبینی ئەم شیعرە یەكەمی فیستیڤاڵی فانیی بووە

### پارچەی یەكەم

بلوێرمان لێداو ڕۆیشتین

بە جانتای پڕ لە ئاوو

دێمكەی پڕ ووشەوە

بە قورگی پڕ لە ئاڵتون و

تورەكەی پڕ گریانەوە

ئەو دەمەی بیستمان گرێبەستی نێوان

پەرداخەكانی منو شەرابی بێ ئومێدی مۆر كرا

ڕێكەوتننامەی نێوان بەرائەتو كچ

لە گریانی ژوانی هاوڕێمدا هەڵوەشایەوە

ئێمە بە دوو كتێبی چرچ و

دوو دەستی پڕ شیعرەوە

بلوێرمان لێداو ڕۆیشتین

تا تریە بێتاقەتەكانی فرێدانی تویكڵی گوڵە بەرۆژە بۆئێوە بن

پەڕ پەڕ كتێبی كاپیتاڵ و

نوێژ نوێژ مزگەوتەكانمان لە كۆڵنان

تا حەزی دزینی شعوری باخچە بۆ ئێوە بێ

بلوێرمان لێداو ڕۆیشتین

ئەو دەمەی بیستمان تەرمی درۆیەکی ئەبەنووس

بە بەردەم مێژووی عەشقی گوڵدانێکدا ڕاکێشرا

ڕۆیشتین و نەمانپرسی

چۆن وێراتان شێتانە داببارن و

شێتانە تر ببنە دوکەڵ

ئەو کاتە ڕۆیشتین

کە پێکەنینمان لە سوچێکی بەشی ناوخۆییدا لێ بەجێما

بلوێرمان لێدا

ئەو کاتەی دیمەنی باخێکی بەهەشتیمان

لەسەر تاقی تایەفەدا هەڵکەندو

ئەو دەمەی قژی چۆلەکەیەکمان ئاگرداو

تاقەتمان نەما گوێ لە گۆرانیە ئیزعاجەکانی مێروولە بگرین و

نەمان توانی بەسەر سمێڵی خێڵدا

بچینە ئەوبەری عیشق و

زاتمان نەکرد لە یەکەم کۆڵانی ئەوینماندا بمرین و

نەمانوێرا پەنجەکانمان پیشانی شەو بدەین

بلوێرمان لێداو ڕۆیشتین

پیاڵەکانمان پڕ کردن لە گڵ

ڕێگاکانمان پڕ کردن لە شەراب

گۆرانیەکانمان پڕ کردن لە بەردو

شاخەکان پڕتر لە ئاواز

ڕۆیشتین

ئێوارەو چاوەڕوانیمان بیر نەچوون بردمانن

دڵتەنگیمان لە ناو دەستماندا نوقاند

گەڵاکانی بەرائەتمان بیَ مراز نەکردن‌و بردمانن

دەرگاکانی لە مەڕ ئێوەمان بێبەش نەکردن و

بەسەر ڕوحی خۆماندا دامان خستنەوە

نەگبەتیمان بەسەر شانماندااو ڕۆیشتین

کە بیستمان جەژن ژنێکە و

بەدەستی  پیاوێکەوە بوو بە کۆتر

تا ماچێک پڕ بوو لە فیشەک

سێبەرمان کچێک بوو بەدەستی شاعیرێکەوە  بوو بە مێلاقە

تا شەهوەتی قەرەجێک پڕبوو لە چەقۆ

ڕۆیشتین

تیاترۆخانەکانی شیعرمان قفڵدان

تا کتێبخانەکانی عەشرەت بۆ ئێوە بن

کۆختەکانی ئەوینمان داخستن

تا باڵەخانەکانی رق بۆ ئێوە بن

کولانەکانی قەڵەممان پێوەدان

تا سالۆنەکانی خەنجەر بۆ ئێوە بن

بلوێرمان لێداو...

## پارچەی دووەم

بەدوای گەیشتنی تۆدا

بەخۆم نەگەیشتمەوە

## پارچەی سێیەم

شەو دڵی نایە عەباکەی بفرۆشێت

ئەو تەنیا بەشی تاریک کردنی پیرەمەگرون تاریکی پێیەو

ناتوانێت بیداتە ئەو هەناسانەی

دوای نیوە شەو

بەقوڕگی دوو عاشقدا ڕەت دەبن

ئەو ئیتر چاوەکانی تاقەتی خوێندنەوەی داستانەکانی تەنیاییان نەماوە

منداڵەکانی جلی سەفەریان بۆ ناکڕێت

شەو حەوسەلەی ئاگر کردنەوەو چاو لێنانو

گۆڕ هەڵکەندنو باران ناشتنو

شیعر نووسینو پەنجە تەقاندنی نەماوە

شەو زەوقی گۆرانی کوشتنو موو هەڵکەندنو

پەنجە تاشینو قژ کورتکردنەوەی نەماوە

ئەو خولیای نێرگز کوشتنو نەوا فرۆشتنو

مۆبایل داخستنو رق هەڵخستنی نەماوە

شەو تەنانەت تاقەتی هاتنی نەماوە

ئەو کاتەی منو تۆ قسە دەکەین

## پارچەی چوارەم

وەرە لەدامێنی پەنجەکانی یەکتردا بۆ یەک بمرین

کە دەزانین ژیان دەمێکە جێی هێشتووین

## پارچەی پێنجەم

مەرگ هەمیشە لەوسەری کۆڵان سەمون دەفرۆشێت

ئەو تف دەکاتە چارەنووسی زێرابەوە

مەرگ قوماشی سپی دەفرۆشێتو

نەعلەت دەفرۆشێت

مەرگ تاقەتی سێو رنینو زەمەن کرِینی هەیە

حەزی لەلێدانی نەغمەیەکی تاڵە بە بلوێری ماڵئاوایی

مەرگ جانتای منداڵان دەدزێ

بێزوو بە برژانی جەرگی دایکێکی بەریئو

نزولەی خوشکێکی پاکیزەوە دەکات

مەرگ هەمیشە بەدیار رێگاکانی ماڵئاواییەوە دادەنێشێت

بەدیار ئاواییەکانی لێکترازانەوە

پەنجە لەلوتی وەردەدات

بەدیار سوتانی جریوەیەکو

هەتیو بوونی رووبارێکو

جەنازەی هەنارێکو

گۆڕی شیعرێکەوە

پەنجە لە گوێچکەی وەردەدات

مەرگ بە مەرگی منو تۆ سوێند دەخوات

دەچێتە ئاهەنگی مارەبرِینەوەو شیرینی دەوێ

دەچێتە مزگەوتەوەو نوێژ دەکات

دەستی ئەنفالچیەک رادەموسێتو

لە مێرگی کتێبە پیرۆزەکاندا

دەبێتە بەرخێکی ساواو

لە باخچەی ساوایاندا

دەبێتە داری مامۆستایەکی مرچو مۆنو

لە بەشی ناوخۆییشدا

دەبێتە یادگاری بۆنی چێشتێکی کۆنی دایکـو

لە مەیخانەدا دەبێتە پەرداخێکی شێت

مەرگ لەگەڵ منداڵاندا راوی چۆلەکە دەنێو

پیت پیت ناوی سیانی هەموو کۆڵانەکان دەزانێ

## پارچەی شەشەم

رانیە هەموو رۆژێ قەڵەمێکم بۆ دەکڕێتو

شیعرێکم لێ دەدزێنێ

## پارچەی حەوتەم

مێزێکی دڵتەڕو تەپڵەکێکی مێبازو

جگەرەیەکی چوختیو پەرداخێک ئاوی سەرسەری

پەنجەرەیەکی کوێرو

دەرگایەکی شەلو

پەردەیەکی قاچ رووت

گڵۆپێکی نوکتە بازو فەرشێکی بێ مێشکـو

پانکەیەکی کەمئەندام

لە کەشو هەوایەکی شەهوەتبازیدا

گاڵتە بەگریانی شعرێک دەکەن

## پارچەی هەشتەم

بۆ ئەوەی ئاوێنەیەکت هەبێ

کۆکردنەوەی پارچەکانی من بەسە

## پارچەی کۆتایی

دنیا هەموی دیمەنێکە